


# گەمەی سێبەرەکان


هێرمەن هێسە

لە ئەڵمانییەوە: عەبدولموئمین دەشتی

(ئەڵمانیا)


ڕوخسارە پانوبەرینەکەی کۆشک کەوتبووە بەری ڕۆژێ، پەنجەرە گەورەکانی ئەو ڕووە دەیانڕوانییە سەر ڕووباری ڕاین و ئاقارە سەوزەکانی دەوروبەر و دیمەنە ئاوییە دوور و ڕووناک و هەوادار و پڕ لە زەل و شەنگەبییەکان، لە فەزایەکی دوورترەوەش دیمەنی شاخ و دارستانێکی شین، کەوانەیەکی ناسکی پێچ پێچیان وێنا دەکرد، کە هەورە سپییەکان بەدوایدا ڕێچکەیان بەستبوو، کۆشکە ڕووناک و خانووبەرە گوندییەکانیش لە دوورەوە، تەنیا لەو ڕۆژانەی کە هەوا گەرم بووایە، بچووک و سپی دەبینران و تریسکەیان دەدایەوە.

ئاوەکە بە هێمنی دەخشی و وێنەی ڕووی پێشەوەی کۆشکەکەی دەدایەوە، وێنەکە وەک مێیینەیەکی گەنجی بەناز و ئاسوودە خۆی دەنواند، گەڵا و چڵە کەسکە گەشەکانی پنچک و بنەگوڵ و ڕووەکەکانی جوانکاری، تا ناو ئاوەکە پێیدا شۆڕ بووبوونە خوارەوە، بە درێژایی دیوارەکەش بەلەمی سپیڕەنگی باریکەلەی ڕابواردن بەسەر ڕووی ڕووبارەکەدا دەهەژانەوە. کەس لەو لایە ڕووناک و هەتاوییەی کۆشکەکەدا نەدەژیا. لە دوای گومبوونی خانمی کۆشک، ژوورەکانی ئەو لایە هەمووی خاڵی مابوونەوە، جگە لە ژوورە هەرە بچووکەکەیان، کە (فلۆریبێرت)ی شاعیری تێدا دەژیا. خانم شوورەیەکی گەورەی بەسەر مێردەکەی و کۆشکەکەدا هێنابوو، ئیدی لە کۆشکدا زریقوباقی دانیشتنە گەرمەکان و دیوەخانە خۆش و زۆرەکان هیچی نەمابوو، بێجگە لە بەلەمە سپییەکان و شاعیرە ئارامەکە.

خان بە خۆی، لەوەتەی ئەو کارەساتەی بەسەردا هاتبوو، لەلای پشتەوەی خانووەکەدا دەژیا. کەڵوویەکی زەبەلاحی سەردەمی ڕۆمەکان کەوتبووە بەرانبەر حەوشە تەنگەکەی ئەو لایە و تاریکی کردبوو. دیوارەکانی ئەو لایە هەمووی تاریک و شێدار بوون، پەنجەرەکانی تەسک و نەوی بوون، پارکێکی

چڕی پڕ لە درەختی بەساڵداچووی کەوت و چنار و ئەسپیندار، ڕاستەوخۆ کەوتبووە نزیک ئەو لایە نسارە.

کاکی شاعیر بۆ خۆی لەبەرە هەتاوییەکەدا، تاک و تەنیا و ئاسوودە دەژیا، خۆراکی خۆی لە لێنانگەی کۆشک وەردەگرت، زۆربەی جاران بە درێژایی ڕۆژ، بە دەگمەن چاوی بە خان دەکەوت. جارێک گەنجێکی برادەری هاتبووە سەردانی، توانیبووی تەنیا ڕۆژێک لە ژووری میوانانی ئەو کۆشکە مردووەدا هەڵبکات. شاعیر بەو برادەرەی خۆی گوتبوو: «ئێمە وەک سێبەر لەم کۆشکەدا دەژین.»

فلۆرییێرت کاتی خۆی، بۆ دەرباری خانمی کۆشک، ئەفسانە و شیعری کلاسیکی دەهۆنییەوە، بەڵام دوای ئاوابوونی ڕۆژانی ڕابواردن و ڕۆژە خۆشەکانی کۆشک، ئیدی کەس لێی نەدەپرسییەوە، هەر بۆیە ئەویش لەوێ مابووەوە، چونکە ئەو ئاسوودەییە سادەیە و تەنیایی ناو کۆشکە خەمبارەکەی زۆر پێ باشتر بوو، لەوەی بکەوێتە بەر هەڕەشەی هەژاری و برسێتی و خەبات بۆ پەیداکردنی نان. ئەو لەمێژ بوو وازی لە شیعردانان هێنابوو. لە کاتی هەڵکردنی بای ڕۆژاوادا، کە لە ڕووی ڕووبارەکە و دەشتەلانە زەردەکە و بازنەی دووری ناوچە شاخاوییە شینباوەکان و قەتارەی هەورەکان ڕادەما، کاتی ئێوارانیش لەناو پارکە دێرینەکەدا گوێی لە هاژەهاژی هەژانەوەی درەختە بەرزەکان دەبوو، خەیاڵی بۆ چەندان شیعری درێژ دەچوو، بەڵام شیعرەکان هیچ پەیڤێکیان نەبوو و هەرگیز نەدەتوانرا بنووسرێنەوە. ناوی یەکێک لەو شیعرانە «هەناسەی یەزدان» بوو، کە باسی گەرمەبای باشووری دەکرد، یەکێکی تریشیان ناوی «نەوازشی ڕوح» بوو، کە بریتی بوو لە ڕامانێک بەرەو چیمەنە کەسکەکانی بەهار. فلۆرییێرت نەیدەتوانی ئەو شیعرانە بڵێت، یان بیانچڕێت، چونکە هەمووی پەیڤنەدار بوون، بەڵام جار بە جار خەونی پێوە دەدیتن و هەستی پێ دەکردن، بەتایبەت سەر لە ئێواران.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە زۆربەی کاتی ڕۆژانەی خۆی لە گوندەکەدا بەسەر دەبرد، لەوێ لەگەڵ منداڵە قژ زەردەکاندا یاریی دەکرد، یان لەگەڵ ژنە گەنج و کیژەکاندا خەریکی زەردەخەنە و پێکەنین دەبوو، بەرانبەر هەمووانیش، چۆن ڕێز لە خانمانی ڕێزدار دەگیرێت، ئاوا شەبقەکەی سەری خۆی دادەکەند. خۆشترین ڕۆژانی ژیانیشی ئەو ڕۆژانە بوون، کە چاوی بە ئاگنێز خانم دەکەوت. ئەو ژنە بەناوبانگەی کە دەموچاوێکی ناسکی کچانەی هەبوو. کاتێک ڕووبەڕووی دەبووەوە سڵاوی لێ دەکرد و بە قووڵی خۆی بۆ دەچەماندەوە، ئەو ژنە جوانەش گەردنی خۆی بۆ لار دەکردەوە و بۆی دەخەنییەوە، سەیری چاوە شپرزەکانی (فلۆرییێرت)ی دەکرد و بە زەردەخەنەوە وەک تیشکی خۆر بەلایدا ڕەت دەبوو.

ئاگنێز خانم لە خانوویەکی تاک و تەنیا دەژیا، کە کەوتبووە پاڵ باخچە شێواوەکەی کۆشک و کاتی خۆی دیوەخانێکی خان بوو. باوکی ئاگنێز کە دارستانەوانێک بوو، بەرانبەر خزمەتگوزارییەکی تایبەت ئەو خانووەی پێشکەش کرابوو. ئاگنێز زۆر بە گەنجی ژنی خواستبوو، وەک بێوەژنێکی گەنج گەڕابووەوە ماڵە باوکی، ئێستاش لە دوای مردنی باوکی بە تەنیایی لەگەڵ کارەکەرێک و پلکێکی نابینای لەو تاکە خانووەدا دەژیا.

ئاگنێز خانم هەمیشە جلوبەرگی سادە، بەڵام جوان و نوێ و ڕەنگ ناسکی دەپۆشی، ڕوخساری وەک ڕوخساری کیژێکی گەنج جوان و باریکەلە بوو، پرچێکی قاوەیی تاریکی پێوەبوو، کە دەیکردە دوو کەزی ئەستوور و لە سەری جوانی خوی دەئاڵاندن.

هەر بەر لەوەی ژنەکەی ئابڕووی ببات، خان ئاشقی ئاگنێز بووبوو، ئێستاش سەرلەنوێ ئاشقی بووبووەوە. بەیانییان لە دارستانەکەدا یەکتریان دەدیت و شەوانیش بە بەلەمێک بەسەر ڕووبارەکەوە دەیبردە کەوێلەکەی خۆی، کە لە دەشتاییە پڕ لە دارودرەختەکەی دەم ڕووبار، لە زەل دروست کرابوو. لەناو کەوێلەکەدا ڕوخساری کچانەی خۆی، بە پێکەنینەوە دەخستە سەر ڕیشی خان، کە زوو

ماشوبرنج بووبوو، پەنجە ناسکەکانیشی یارییان لەگەڵ دەستەکانی دەکرد، کە وەک دەستی ڕاوچییەکان زبر و ڕەق بووبوون.

هەموو ڕۆژانی پشوویش ئاگنێز خانم دەچوو بۆ کڵێسا و نوێژی دەکرد، خێری بە دەرۆزەکەران دەکرد، سەردانی پیرەژنە هەژارەکانی گوندەکەی دەکرد، پێڵاوی بە دیاری بۆ دەبردن، قژی نەوەکانیانی شانە دەکرد، لە دوورماندا یارمەتیی دەدان، کە جێشی دەهێشتن، ڕەونەقی گەنجێکی پیرۆزی لە کەوێلەکانیاندا بۆ بەجێ دەهێشتن. هەموو پیاوەکان چاویان لەسەر ئاگنێز خانم بوو، ئەویش هەر کاتێک حەزی لێ بووایە و هەر کامیان لە کاتی خۆیدا بهاتبایە، ئەوە لەگەڵ ماچی دەستەکانی، ماچێکی دەمیشی بەردەکەوت و ئەوەشی کە بەختی هەبووایە و جوان و کەشخە بووایە، ئەوە دەیتوانی بۆ شەویش بە پەنجەرەی ژوورەکەیدا هەڵبگەڕێت و بچێتە ژوانی.

هەمووان بەوەیان دەزانی، تەنانەت خودی خانیش، لەگەڵ ئەوەیش ئەو ژنە جوانە بە پێکەنین و چاوە بێگوناهەکانی، وەک کچێک ڕێگەی خۆی دەگرتە بەر، وەک ئەوەی کە هیچ ئارەزوویەکی پیاوان نەتوانێت بیپێکێت. جاربەجار ئاشقێکی نوێی بۆ پەیدا دەبوو، زۆر بە ئاگاییەوە هەوڵی دەدا پێی بگات، وەک ئەوەی هەرگیز نەتوانێت دەستی بگاتە ئەو جوانییە، کاتێکیش ئەو ئاشقە نوێیە لە داگیرکردنی ئەو گەوهەرە سەرکەوتوو دەبوو، لە خۆشییان شانازی بە خۆیەوە دەکرد، بەڵام سەری لەوە سوڕ دەما، کە بۆچی پیاوەکانی تر بە خۆشەویستی و زەردەخەنەوە ڕووبەڕووی دەبوونەوە.

خانووە ئارامەکەی ئاگنێز کەوتبووە قەراغی لایە تاریکەکەی پارکەکە، گوڵاڵە سوورە بە دیوارەکانیدا هەڵگەڕابوون، ماڵێکی تەنیا، وەک ئەوانەی کە لە ئەفسانەکانی ناو دارستاناندا باسیان دەکرێت. لەو ماڵەدا دەژیا و دەهاتە دەرەوە و دەگەڕایەوە ناوی، تازە و ناسک، وەک گوڵەسووری بەیانیانی هاوین. ڕوخسارێکی گەشی منداڵانە و چەپکێک کەزی پڕ و ئەستووریش لەسەر سەرە جوانەکەی. پیرەژنە هەژارەکان دوعایان بۆ دەکرد، دەستیان ماچ دەکرد، پیاوەکان لە قووڵایی دڵەوە سڵاویان لێ دەکرد و لە دوایەوە بە زەردەخەنە تەماشایان دەکرد، منداڵان بەرەو ڕووی ڕایان دەکرد تا بەخشیشیان پێ بدات و نەوازشی ڕوومەتەکانیان بکات.

جاربەجار خان بە چاوێکی تاریک هەڕەشەی لێ دەکرد و لێی دەپرسی: «تۆ لەبەرچی ئاوای، تۆ؟» ئەویش پرچە قاوەییە تاریکەکەی خۆی دەهۆنییەوە و بە حەپەساوییەوە لە خانی دەپرسی: «چما تۆ هیچ مافێکت بەسەر منەوە هەیە؟».

لە هەمووان پتر فلۆربێرتی شاعیر خۆشی دەویست، کاتێک چاوی بە ئاگنێز دەکەوت، دڵی تەپ تەپ لێی دەدا. کاتێک بیستبای بە خراپ باسی دەکەن، دەموچاوی گرژ دەبوو، سەری خۆی بادەدا و باوەڕی بەو قسە خراپانە نەدەکرد. کاتێکیش منداڵەکان باسیان دەکرد، ئەو دەگەشایەوە و گوێی لێ دەگرتن، وەک ئەوەی گوێ لە سروودێک بگرێت. جوانترین دیمەنی ناو ئەندێشەکانیشی، خەونبینین بوو بە ئاگنێزەوە. ئەوسا هەموو ئەو شتانەی کە خۆشی دەویستن و لای ئەو جوان بوون، بای ڕۆژاوا و فەزا شینەکە، هەموو چیمەنە کەسکەکانی بەهار، هەمووی دەهێنان و دەورووبەری ئاگنێزی پێ دەگرتن، هەموو شەیدایی و شتە بێ سوودەکانی ناو دڵی خۆی و ژیانی بێسوودی منداڵی خۆی دەخزاندە ناو ئەو نیگارە.

سەر لە ئێوارەیەکی هاوین، دوای کپییەکی درێژخایەن، کەمێک ژیان گەڕایەوە ناو کۆشکە مردووەکە. دەنگی هۆڕنێک لە حەوشەی کۆشک دەنگی دایەوە، ترومبێلێک بە گرەگڕ هاتە حەوشەکە و ڕایگرت. ئەوە براکەی خان بوو، بە تەنیا لەگەڵ خزمەتکارێکی بە سەردان هاتبوو، پیاوێکی باڵابەرزی جوان، ڕیشێکی بزنانە و چاوێکی تووڕەی سەربازانە. لە ڕووبارە بەخوڕەکەی ڕاین مەلەی دەکرد، هەر بۆ خۆشی تەقەی لە نەوڕەسە

سپییەکان دەکرد. زۆر جاریش بە سواریی تا نزیکی شار دەچوو و بە سەرخۆشی دەگەڕایەوە، هەرچەند ڕۆژ جارێکیش هەرا و شەڕێکی لەگەڵ براکەی دەنایەوە. بۆ هەزار شت ئامۆژگاری خانی دەکرد و پێشنیازی دەستکاریی کۆشک و ئاواکردنی کۆشکی بۆ خان دەکرد. قسەی گەورە گەورەی دەکردن، باسی گۆڕین و باشترکردنی کۆشکەکەی دەکرد، چونکە ئەو خۆی لە سایەی هاوسەرگیریکردن دەوڵەمەند بووبوو، خانیش هەژار بوو، تووشی چەندان بەدبەختی و ناهەمواری هاتبوو.

هەر بە هەوەس هاتبووە سەردانی کۆشک، هەر لە هەفتەی یەکەم لە هاتنەکەی پەشیمان بووبووەوە. لەگەڵ ئەوەش لەوێ هەر مایەوە و هیچ قسەیەکی لەبارەی ڕۆیشتنەوەی نەدەکرد، کەمیش هاوبەشی خەمەکانی براکەی بوو. چاوی بە ئاگنێز خانم کەوتبوو و هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی لێ نزیک بکاتەوە.

زۆری نەبرد، کارەکەرەکەی دەستە جلێکی نوێی بۆ ژنە جوانەکە برد، کە ئەو خانە میوانە پێشکەشی کردبوو. زۆری نەبرد، لە دیواری پارکەکەوە خزمەتکارەکەی ئەو خانە نامۆیە نامە و گوڵی دایە دەست کارەکەرەکەی ئاگنێز. دیسان چەند ڕۆژێکی کەمی پێ چوو، ئەو خانە نامۆیەش لە نیوەڕۆیەکی ئەو هاوینە لە کەوێڵێکی دارستانەکە چاوی بە ئاگنێز خانم کەوت و ماچی دەست و دەمە بچووک و گەردنە سپییەکەی کرد، بەڵام کاتێک ئاگنێز چووە ناو گوندەکە و چاوی بەم کەوت، ئەوە خانی بیانی کڵاوی سوارچاکییەکەی بۆ داگرت و ئەویش وەک منداڵێکی حەڤدە ساڵی سپاسی کرد.

دیسان کاتێکی زۆری نەخایاند، خانی بیانی ئێوارەیەک کە تەنیا مابووەوە، چاوی بە بەلەمێک کەوت، کە بەسەر ڕووی ڕووبارەکەوە دەهاژووشترا، کەسێکی سەوڵلێدەر و ژنێکی جوان لە ناویدا دانیشتبوون، هەرچەند مەراقی بوو بزانێت کێن، بەڵام لەبەر تاریکی بوولێڵە نەیناسینەوە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێکی کەم، ئەوەی مەراقی بوو، زانی. ئەو ژنەی کە ئەو نیوەڕۆکەی لە کەوێڵەکەی دارستان خستبوویە ناو دڵی خۆی و بە ماچەکانی گڕی تێ بەردابوو، ئەوە بۆ ئێوارەکەی بەسەر ڕووباری تاریکی ڕاینەوە، لەگەڵ براکەی، پەڕیوەتە ئەوبەر بۆ ناو قامیشەڵانەکانی کەنار ڕووبارەکە.

خانی بیانی تاریک داگەڕا و کەوتە ناو خەون و خەیاڵاتی پەست و ناخۆش. ئەو ئاگنێز خانمی وەک کێوییەکی ئازادی عەنتیکە خۆش نەدەویست، بەڵکوو وەک گەوهەرێکی پڕ بەهای دۆزیبێتەوە، ئاوا تەماشای دەکرد. لەگەڵ هەر ماچیکی مەستی خۆشی و سەرسوڕمان بووبوو، بۆیە تەسلیمی داخوازییە ناسک و پاراوەکانی خۆی بووبوو، هەر بۆیەش زۆر پتر لە مێیینەکانی تری، پێ بەخشی بوو. ئەو بیری لە سەردەمی گەنجی خۆی کردبووەوە، بە سپاسگوێی و بەرچاوڕوونی و بە ناسکی خستبوویە باوەشی خۆی، بەڵام ئاگنێز لەگەڵ براکەی ڕێگە تاریکەکانی گرتبووە بەر. ئێستا ڕیشی خۆی دەگەزی و چاوەکانی ئاگریان لێ دەباری.

بێئاگا لەو هەموو ڕووداوانەی کە لە کۆشکەکەدا دەگوزەرا، بێ ئەوەی نهێنییەکانی ئەو هەموو لەکە و ناهەمواریییە هیچ کاریگەریەکیان لێ کردبێت، فلۆریبێرتی شاعیر ڕۆژە هێمنەکانی خۆی بەسەر دەبرد. دڵی بەوە خۆش نەبوو، کە جار بە جار خانی میوان سەری خۆی بۆ دەچەماندەوە و بە جۆرێک گاڵتەی پێ دەکرد، بەڵام ئەوسایش بەو جۆرە ئاکارانە ڕاهاتبوو. خۆی لە خانی بیانی دەپاراست، تەواوی ڕۆژی خۆی لای ماسیگرەکانی قەراغ ڕاین بەسەر دەبرد، لە هەوای گەرمی بۆنخۆشی ئێوارانیشدا، نقوومی ئەندێشە خۆشەکانی خۆی دەبوو. بەیانییەک سەرنجی کەوتە سەر یەکەمین بەرە گوڵەچا تازە گەشاوەکانی پاڵ دیواری کۆشک. لە ماوەی سێ هاوینی دواییدا، هەمیشە چوو بوو، چەپکێک لەو یەکەمین بەرە گوڵانەی بۆ ئاگنێز خانم خستبووە سەر ئاستانەی دەرگەکەی، دڵی بەوە خۆش بوو، گەر بتوانێت بۆ جاری چوارەمینیش، چەپکێکی ئەم یەکەمین

بەرە گوڵە کراوانە، وەک سڵاوێکی سادە و بێ ناوونیشانی بۆ بەرێت.

لە نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا، خانی بیانی لەناو دارستانی چناران چاوی بەو ژنە جوانە کەوت. خانی بیانی پرسیاری ئەوەی لێ نەکرد، کە درەنگانی ئێوارەی دوێنێ و پێرێ و بەستەرپێرێ لە کوێ بووە. بە چاوێکی نزیکە سامناک و حەپەساو سەیری چاوە ئارام و بێگوناهەکانی کرد و بەر لەوەی جێی بهێڵێت، پێی گوت: «ئەمشەو یەکێک لە پەنجەرەکانت بە ئاوەڵایی جێ بهێڵە!» ئەویش بە دەنگێکی ناسک گوتی:

- «ئەمڕۆ نا، ئەمڕۆ نا، من نامەوێت!».
- «بەڵام من دەمەوێت، تۆ.».
- «جارێکی تر، باشە؟ ئەمڕۆ نا من ناتوانم.».
- «ئەمڕۆ ئێوارە من دێم، ئەمڕۆ ئێوارە، دەنا هەرگیز جارێکی تر نایەم. چیت دەوێ، بیکە!».

ئیدی ئاگنێز پشتی لێ کرد و ئەوێی جێهێشت.

لە دەوری ئێوارەکە خانی بیانی خۆی لە قەراغ ڕووبارەکە مەلاس دابوو، تا دنیا تاریک بوو، بەڵام هیچ بەلەمێک نەهات. ئەوسا بەرەو خانووی خۆشەویستەکەی چوو، خۆی لە پەنای دەوەنەکان شاردەوە و تاپڕەکەی خستە سەر ئەژنۆی.

دنیا ئارام بوو، بۆنی توندی گوڵی یاسەمین دەهات، جێ جێ هەوری سپی ڕووی ئاسمانی داپۆشیبوو، پشتەوەی هەورەکانیش پڕ بوو لە ئەستێرەی بچووک و کز. مەلێک لە پارکەکەدا دەیخوێند، تەنیا یەک مەل.

کاتێک دنیا بە تەواوی تاریک بوو، لە گۆشەی خانووەکەوە خشپەی هێمنی هەنگاونانی پیاوێک نزیک بووەوە، دیار بوو بە دزییەوە نزیک دەبووەوە. شەبقەکەی بە تەواوی ڕاکێشابووە سەر هەنیەی خۆی، هەرچەندە ئەوەی هیچ پێویست نەبوو، چونکە دنیا تاریک و ئەنگوستەچاو بووبوو. چەپکە گوڵەچایەکی سووریشی بەدەستی ڕاستییەوە هەڵگرتبوو، کە بە کزی دەدرەوشایەوە. خانی بیانی کە خۆی لە بۆسە نابوو، چاوی خۆی تێبڕی و تاپڕەکەی سوار کرد.

پیاوە هاتووەکە سەیرێکی سەرتاپای خانووەکەی کرد، لە هیچ شوێنێکیدا ڕووناکیی هیچ چرایەک نەدەبینرا، ئەوجا بەرەو دەرگەی خانووەکە چوو، خۆی چەماندەوە و ماچێکی هێمنی دەسکی دەرگەکەی کرد. لەم چاوترووکانەدا ڕمبەی فیشەکێک هات و لە ناوەوەی پارکەکە بە ئاستەم دەنگی دایەوە. هەڵگری گوڵەسوورەکان کەوتە سەر چۆک، موچڕکێکی هێواشی هاتێ، بەسەر پشتدا کەوتە ناو زیخەلانەکە.

تەقەکەرەکە کەمێک لە حەشارگەکەیدا چاوەڕوانی کرد، دیتی هیچ کەسێک بەو ناوەدا نەهات، ناوەوەی خانووەکەش وەک خۆی کپ مایەوە. بە ئاگاییەوە لە حەشارگەکەی هەستایەوە و لێی هاتە پێشەوە، خۆی بۆ سەر پیاوە پێکراوەکە چەماندەوە، کە شەبقەکەی کەوتبووە خوارەوە. بە پەشۆکاوی و حەپەساوییەوە فلۆریبێرتی شاعیری ناسییەوە: «ئەویش!»

هەناسەیەکی هەڵکێشا و ئەوێی بەجێ هێشت.

گوڵەکان بەو ناوەدا پەرت بووبوون، یەکێکیان کەوتبووە ناوەندی خوێنی کوژراوەکە. بۆ ماوەی سەعاتێک زەنگی کلێسا لە گوندەکە لێی دا. ئاسمان ڕووی خۆی بە هەورێکی سپی چڕ داپۆشی، بەرانبەر کەڵووە زەبەللاحەکەی کۆشک، کە وەک فەلامەرزێکی بە پێوە خەوتوو خۆی لێک ڕاکێشا، ڕاین بە خوڕەیەکی نەرم گۆرانی گوت و مەلە تەنیاکەی ناو پارکە ڕەش و تاریکەکەیش تا کاتی نیوەشەو خوێندی. (١٩٠٦)

**سەرچاوە:**

Hermann Hesse, Die Märchen, Verlag: Suhrkampf Taschenbuch, Berlin 1975.